ڕەشید وحەکیم جەخت لەسەر پێویستی یەکخستنی هێو و دیدگا و کاری هاوبەشی نێوان هێز سیاسییەکان دەکەنەوە

سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید وعەمار حەکیم سەرۆکی ئەنجومەنی حیکمەی نیشتمانی، ئەمڕۆ چوارشەممە، جەختیان لەسەر پێویستی یەکخستنی هێو و دیدگا و کاری هاوبەشی نێوان هێز سیاسییەکان بە بەهێزکردنی پرۆسەی دیموکراسی کردەوە.

سەرۆکایەتی کۆمار لەڕاگەیەندراوەکدا بڵاویکردەوە

سەرۆک کۆمار د.لەتیف جەمال ڕەشید، ئەمڕۆ چوارشەممە 5-2-2025 لەگەڵ عەمار حەکیم سەرۆکی ئەنجومەنی حیکمەی نیشتمانی کۆبوونەوە.

لە میانی دیدارەکەدا بارودۆخی گشتی وڵات و پێشهاتی ناوچەیی و نێودەوڵەتیی و هەوڵەستی عێراق لەوبارەیەوە تاوتوێ کرا و جەختکرایەوە لەسەر پێویستی یەکخستنی هێو و دیدگا و کاری هاوبەشی نێوان هێز سیاسییەکان بە بەهێزکردنی پرۆسەی دیموکراسی و ڕووبەڕووبوونەوەی ئەو ئاڵەنگارییانەی کە ڕووبەڕووی وڵات دەبنەوە لە ئەنجامی گۆڕانکاریی نێودەوڵەتی و ناوچەیی بە شێوەیەک کە یەکەتی و سەروەری و سەربەخۆیی عێراق بپارێزێت.

هەر لەو دیدارەدا جەختکرایەوە لەسەر پێویستی پابەندبوون بە دەستوور و یاسا لە پێناو پاراستنی سەقامگیری ئەمنی و سیاسی و خزمەتکردنی خەڵک و بەدیهێنانی دادپەروەری.